# بانكی پرسیارەكان كۆرسی یەكەم

١- هەر یەكە لە چەمكی پێشەنگكاریی و پەروەردەی پێشەنگكاری بناسێنە و جیاوازییەكانییان بخەڕوو.

٢- جیاوازی چییە لە نێوان كەسی پێشەنگكار و خاوەن كار، وەڵامەكەت بە نموونە بسەلمینە.

٣- پێشەنگكاری، كاردەكا لەسەر تێكشاندنی شێوازی كۆن و لەجێدانانی نوێگەریی

ئەم دەستەواژەیە چۆن لێک دەدەیەوە ؟

٤- باس لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی كەسی پێشەنگكار بكە .

٥- هەموو پێشنگكاران خاوەن كارن، بەڵام هەموو خاوەن كارێك پێشەنگكار نییە

ئەمە چۆن ڕاڤە دەكەیت؟

٦- بۆچی پەروەردەی پیشەنگكاری دەخوێندرێت ، ئایا مامۆستای پەروەردەی پیشەنگاری دەبیت چۆن بێت.

٧- (ئەگەر پێتوابێ دەتوانی شتێك بكەی، یان ناتوانی بیكەی، ئەوا ڕەنگە ڕاست (بكەی

هێنری )
(فۆرد

بە كورتی و پوختی ئەم دەستەواژەی سەرەوە لێكبدەرەوە ، باسی هەر یەک لە (هەڵوێستی ئەرێنی و هەڵوێستی نەرێنی) بكە و ، كاریگەرییەكانییان لەسەركەسانی خاوەن بیرۆكەو پرۆژەكان لە ئەنجامدانی كارەكانییاندا بخەڕوو.

٨- بە بازاڕكردن یەكێكە لە كارامەییە گرنگەكانی بواری كار، لە ڕۆژی بازاڕی بەرهەمی قوتابیاندا، گرنگترین ئەو پێویستییانە چی بوون كە دەبوایە تۆ

لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمپانییاکەت ئەنجامی بدەیت بۆ بە بازاڕکردن و ناساندنی بەرهەم وبیرۆکەی کارەکەت . وەڵامەکەت بە وردی و درێژی بنووسە.

٩- عەقڵیەتی کاری پێشەنگکاری لە چیدا دەبینێت باسی بکە.

١٠- گرنگترین سەرچاوەکانی دەرفەت لە لای پێشەنگکاراندا چیە بیانژمێرەو باسییان بکە .

١١- پێشەنگ بوون لە کاردا لە پاڵ سوود چەندین مەترسیش لەخۆدەگرێت گرنگترینییان لە هەشت خاڵدا بخەڕوو.

١٢- شتێ نیە بە ناوی ئەوەی کەسێ خۆی بەتەنیا پێگەیاندبێ. تۆ بە ئامانجەکانت دەگەیت تەنها بە هاوکاری کەسانی تر. (جۆرج شین)

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە، باس لە گرنگترین بنەماکانی کارکردن بە کۆمەڵ بکە.

١٣- کۆمپنیای قوتابی جییە؟ گرنگتریین ئامانجە پەروەردەییەکانی لە چیدا دەبینی ؟ باسییانبکە .

١٤- قۆناغەکانی ساڵێکی قوتابی چین؟ تەنها بە وێنە ڕونیانبەکەرەوە .

١٥- دانانی ناوی کۆمپابیا بۆ چ گرنگە؟ ئەو بنەمایانە چین کە ناوی کۆمپانییای لە سەر دادەمەزرێت .

١٦- سودەکانی هەبوونی لۆگۆ ودروشم بۆ کۆمپانیا چین؟ گرنگترین تایبەتمانندییەکانی دانانی هەریەکەیان چین بیانژمێرە .

١٧- کۆنوس چییە؟ گرنگی بۆ خاوەن کار چییە؟ چۆن دەنوسرێت؟

١٨- پسولەی کڕین و فرۆشتن لە چی پێکدێت گرنگترین بەشەکانی بژمێرە؟ بۆچی بۆ خاوەن کار پێویستە؟

١٩- کارتی ئیش (بزنس کارت) لە چی پێکدێت بەشە پێکهینەرەکانی بژمێرە؟ سوودی بۆ خاوەنکار چییە؟

٢٠- ئەمانەی خوارەوە ڕاڤە بکە:

-1پێشەنگکاری، دونیا هەمیشە بە نوێیەتی دەهێڵێتەوە ، بوێریی لەکردار دەهێنێتە پێشەوە.

)جۆرج گلایدەر(

-2مامۆستای پێشەنگکار ڕۆڵی سەرکردەو ڕاهێنەر دەبینێت.

٢١- بەچەند دێڕێکی کورت و پوخت لە دیدی خۆتەوە چەمکی پێشەنگکاری بناسێنە و باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی پێشەنگکاریی بکە لە بوژانەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە بوارە جیاجیاکاندا.

٢٢- بە کێ دەڵێن پێشەنگکار؟ پێشەنگکارێکی (لۆکەڵی-ناخۆیی)مان پێ بناسێنەو لەم خاڵانەی خوارەوە لەسەری بدوێ:

-1چیرۆکی دەسپێکردن وکارکردنی

-2نهێنییەکانی سەرکەوتنی لە کارەکەی.

-3ئاڵنگاریی و بەربەستەکانی سەرەتای کارکردنی.

٢٣- له میانەی ئاشنا بوونت بە ئەزموونی پێشەنگکارانی ناوخۆیی و جیهانیدا ، ئایا:

١ -بەڕای تۆ چ خاڵێکی هاوبەش هەموویان کۆدەکاتەوە؟

٢-ئەزموونی کام پێشەنگکارت لاسەرنج ڕاکێش بوو ؟ لەبەرچی؟

٢٤- هەنگاوەکانی عەقڵیەتی پێشەنگکار چین؟بیانژمێرە

ئایا کام هەنگاو بۆ دروستکردنی بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییێک بە گرنگ و پێویست دەزانی ؟

٢٥- ئەو گۆڕانکارییانە چین کە پەروەردەی پێشەنگکاری لە ناوەندە ئەکادیمیەکاندا هێنایە کایەوە؟

٢٦- -سەرکردە کێیە؟ وەک مامۆستایەک لە داهاتوودا دەبێت چی بکەیت تاوەکو لە سەرکردایەتی کردنی کارەکتدا سەرکەوتوو بیت؟

٢٧- یەکێک لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی بنیاتنانی کۆمپانیا بریتییە لە دانانی ناوێک بۆ کۆمپانیا، گرگترین ئەو مەرجانە چین کە پێویستە لەکاتی دانانی ناو بۆ کۆمپانیا ڕەچاو بکرێن؟

٢٨- دەستپێشخەری پێشەنگکاریی بە یەکێک لە کارامەییە گرنگەکان هەژماردەکرێت، لە شەش خاڵدا سودەکانی ئەو کارامەییە لە بواری پێشەنگاریدا بخەڕوو.

٢٩- پەرۆشی لەلای تۆدا چی دەگەیەنێت؟ئایا چ جیاوازیەک بەدی دەکەیت لە نێوان ئەو کارانەی کە بەپەرۆشەوە ئەنجام دەدرێن لەگەڵ ئەو کارانەی پەرۆشیان تێدانیە، وەڵامەکەت بە نموونە ڕوونبکەوە .

٣٠- بۆ ئەوەی کۆمپانیاکەت باشتر بە خەڵک بناسێنی ، دەبێت دروشمێکی باشی بۆ دابنێیت، ئایا ئەو تایبەتمەندییانە چین کە دەبێت ڕەچاوییان بکەیت لە دانانی دروشم بۆ کۆمپانیاکەت؟ دروشمی کۆمپانیایێک بە نمونە باس بکە.

٣١- متمانەبەخۆبوون لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پێویست و گرنگە، بەڵام هەڵەکردنیشی تیادا ڕوودەدات ، لە سێ خاڵدا هەڵەکانی متمانە بەخۆبوون دەستنیشان بکە.